# ژیان لێرەوە تێپەڕی

**ناوی کتێب**

ژیان لێرەوە تێپەڕی

**بابەت**

شیعر

**نووسینی**

هێمن زەندی

**دیزاینی ناوەڕۆك**

موحەممەد حوسێن خەتی

**بەرگ**

ابراهیم صالح

**چاپ**

یەکەم- ٢٠٢٣

---

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی

(١٨١)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

# ژیان لێرەوە تێپەڕی

شیعر

هێمن زەندی

پێشکەشە:

بە کۆی مرۆڤایەتی

# (ڕۆژمێر)

## ١

سەبەتەکەی سەرم

خەریکە پڕ دەبێ لەساڵ.

تەمەن، چەنـــــد خێـــــرایە لە کـــــۆکردنەوەی ساڵەکان!!

بازدانە خێراکانی چرکە و

بەستەکە شەست دانەییەکەی خولەک،

ڕیز دەبەستن بۆ ژمێری کات و

شەو بەدوای خۆرە گەڕۆکەکە کەوتوە

ڕۆژگـــــاریش بەدوای شـــــەوە تەنیاکـــــان، هەڵوەدایە!!

## ٢

ئەی خوایە..

کارگەی ئەو چەرخە نەفرەتیە چەند خێرایە!!

لای تۆ

هەموو گەردون، جگە لە سەیر کردنی یاریەکی رازاوەی پڕ لە چەرخ و خولی سێرک زیاتر نیە!!

کەچی

منت وا ئافراندوە بیر لە بژانگی مێرووولەیەک بکەمەوە،

کە لەنێو لمی ئەو بیابانەدا

گەردی لێنیشتوە!!

## ٣

پیریی

لەگەڵ دیدەنی فرمێسکی منداڵێکی بێناز

خۆی کرد بەباوەشمدا

نە لاویم پێ ژێر کرایەوە

نە پیریش

حورمەتی منداڵیی گرتم!!

## ٤

له رقی جەنگ

نەفرەتم لە بەختەوەری کرد!!

کاتێک

مەرگەسات ئایەخی کردمەوە

سەر قافڵەی لەشکرێکی سەرشێتم و

جەنگ لەپێناو نەمانی جەنگ بەرپادەکەم!!

٥

سەرنجم کۆتایی هات، بەکۆتایی سەرنجەکانم

چەندین سەرین و پێخەفم کۆن کرد

بەدوای خەیاڵی خەوێکی ئارام

ڕۆ چوومە تەپانی بنی بێدەنگی

کەچی، لەبەر کەڕەناو ژاوەژاوی تەنیایی

شادومانیم لەدەستدا!!

## ٦

به چوار دەرزەن ساڵی تەمەن

تێر حاڵی بووم

ئارامی و بەختەوەری

شەکر شکاندنێکی ترە!!

٧

شەمەکانی سەر مێزی یادم زیاد دەکەن

چاوەکانم کز تر دەبن

سروشتی ژیان چەند پووچە

گەورەکانم ون دەبن و

بچوکەکان لەدەوری مێزی رازاوەی

یادەوەریم..

زێدە دەبن!!

## ٨

ئەو کورتە ژیانەی

ئێستا..

لەبەر درێژی ئەوسەری نابینین!

هەمان ئەو ژینە درێژەیە

کە لە فەنابونی لەنێو بەختەوەریدا

کورت.. کورت.. بوو!!

## ٩

ئێستا..

کراسی ژیان تراژیدیایە

نەخشەکانی

برسێتی و

دەزوەکەی

خیانەت و

دەرزیەکەی

خۆمانین

بەرگ دروەکەشمان ناو ناوە

ئەهریمەن!!

١٠

ئاخ بۆ جاران ولەزەتی

برسێتیش تام و بۆی هەبو

نەک وەک ئێستا

تێریش هەراسانت دەکا!!

## ١١

لەوانەیە جارانیش،

رووپۆشی ژیان بە شلەی بەختەوەری

داپۆشرابێ و هەمان

ناوئاخنی ئێستای هەبوبێ

بەڵام ئەوسا

هەمومان منداڵ بوین،

ساکار بوین،

بۆیە باپیرانمان..

لەدوای سەت ساڵ ژیان

جارێکی تر، ددانی شیری

سپی و وردو جوانیان

لەدەم دەڕوایەوە!!

## ١٢

ماندووم

بەقەد ئەوەی بە پەیژەی کارەبایی سەرکەوی،
بەلام پەیژەکە رەورەوەی بۆ خوارەوە بێ!!

ماندووم

بەقەد ئەو مەلەوانەی بۆ کەنار پەل بهاوێژێ،
کەچی بە شەپۆلێک بگەڕێتەوە جێگەی خۆی!!

بەڵێ ماندووم، بەکۆڵێ ئاواتەوە

خول دەخۆم لە بازنە داخراوەکەی ژیان.

## ١٣

ئای ژیان..

قەت نەبو، ڕۆژێک لەگەڵم  ڕێ بکەی.

یان بەدوای خۆت دا پەلکێشت کردووم

یان بەدوای خۆمدا ڕام کێشاوی!!

## ١٤

به مەبەستی ژێر بوونەوەم

سەردانی حەکیمێکم کرد

حەکیم هەڵسا

گشت گیاو و گۆری ژوورەکەی

بەسەرم دا ساغ کردەوە

دوای چەند ڕۆژێک

فرمێسکی کردم بە ڕووبار!!

## ١٥

چەند لەیەک دەچین

وەک گوڵە بەڕۆژەین!!

لەمنداڵیدا..

دەم مـــان بەدەوری گـــۆی مەمکـــی دایکمـــان دەسوڕێتەوە

کە گەورەبوین،

چاوەکانمـــــــان بەدوای بەرژەوەنـــــــدیەکانمان دەسوڕێتەوە

کە جێماین،

ئاوڕ لەژیان دەدەینەوە.

## ١٦

دەمەوێت پێ بنێم بە پەیژە دارڕماوەکان

بۆ ئەوەی بگەرێمەوە بۆ تەپانی بنی ژیان.

گەیشتم بە دوا پەیژەو هیچی تازەم نەبینی

دەڵێم بەڵکو،

وەک ئەو مامۆستایەی پێش خانە نشین کردن،

شتێک لە خوێندکارە چکۆڵەکەی فێر دەبێت

منیش، لەو هەڕەمە ئاوەژوەی ژیان

شتێک هەڵێنجم!!

## ١٧

عاشق کەبیری مەعشوقەکەی دەکات،

سوکنایی بەسەیر کردنی جێی پێیەکانی دێت،

لە شـــوێنی ئەودواهەنگـــاوانەی لەدواســـاتی دابراندا

هەڵی هێناون.

کەچـی مـن بیـری جـێ پێـی هەنگاوەکانیشـت دەکەم

ئەی منداڵی.

## ١٨

ئەو کاخەزانەی لە منداڵیدا دەمکردن بەفڕۆکەو
قووش کاخەز

ئەوەندە چیلکە دارەی ماوەتەوە، لەوعەسـەلیات
و کرێمستیانەی بە منداڵی خواردومن.

ئەو شـــقارتانەی لە جیـــاتی دەنـــکە شـــقارتەکە
نامەیەکم تێ دەئاخنی، دەنکەکانم فڕێ دەدا.

بریسکەی ئەو ڕەوە ماچانەی لە پەنا دەرگا لە
نوێژی شێوان هەلم دەزرێواند.

بەشـی کەشـتییێک دەکەن بـۆ پەرینەوەمـان لەو
جیهانە پڕ لەتەم و غوربەتە،

وەرە با سەفەر کەین.

## ١٩

ژیانێک،

بچوک تر لەبوون.

دنیایەکی بەخەم،

هەر خەمێکی بەقەد دونیایەک.

کە بەگەورەیی بیرت کردەوە، خەونەکانت مەزن بوون،

جا هەست دەکەیت

تۆزی ژێر پۆستاڵی جەنگی.

جا هەست دەکەیت

قەوانێکی فیشەک لێ دەرچوی تفەنگی عەولەمەی.

هەست بەوە دەکەی،

کە هەموو مەعریفەکەت نابێ بە نوردونانێک بۆ مناڵێکی پەراسوو دەرپەڕیوی برسی.

ئەوکـاتە، خـۆزگە دەخـوازی ئەوجیهانـە خـڕە هـەقی ئـەوەی هەیـە شـوتێکی تێ هەڵبدرێ، لـە کەشکەلانی فەلەک بچێتە دەرەوە.

## ٢٠

تیریژی نێو ژیانی هەڵبڕاوم،

هەرگیز بەقەد تیشکی ئومێدەکانم

درێژ نەبوو.

بەڵام ئەو تیشکانە بۆم بوون

بەو ڕۆشـــناییەی، بەردەمـــی گرفتەکـــانمی پـــێ ببینم.

تۆی ڕۆشنایی من ئەی ئومێد،

ئومێدی پڕ لە ڕۆشناییم.

## ٢١

سەحەرە

یەکێکە لەو سپێدانەی،

یادەوریەکان پێش خۆم بەئاگا هاتوون.

ئامادەکـاری پێشـوازی میـوانە رەزا قورِســەکە دەکەن

سەد بارە،

ماڵە فراوانەکەی دڵی چکۆڵەم

لێ تەنگ دەکەنەوە.

## ٢٢

گۆرانی وەرزەکان

بەچەشنی گۆرانی کاژی مارەکان وایە.

چەند حەز دەکەم،

لەگەڵ هاتنی ئەو پایزە،

هەر بەتەنهـا خەمەکـانم هەڵ بـوەرێ و ببـنە خەزان.

نەک وەک ساڵانی رابردوو

نەهاتنت لەڕەگەوە هەڵم کێشێ و

چەند چیلکەیەکی بێ گیانم،

بداتەوە بەر رەشەبا.

## ٢٣

هاوڕێیەکەم

خۆزگە کە بۆم دەدوای،

هەرگیز ئەودیوی مەبەستەکانتم نەبینیبایە،

بۆ ئەوەی هەردووکمان لە ئێستا

ئاسوودە تر باین.

## ٢٤

خۆزگە وەکو درەختەکان،

مرۆڤیش بڕوێندرابا

بۆ ئەوەی نیشتیمانێکم پڕ کردبا

لە تۆ.

## ٢٥

ژێی گیتارەکەت بلەرێنەوە

بەلکو باران بێ

شاخەکانیش تەژی بن لە بەفر و

بومەلەرزەکەش

بوەستێ.

ئەی،

خودای هەندێک و

سروشتی، هەندێک و

هیچ ی، هەندێک.

بەژێی گیتارەکەت دەلێن قامچی

قەبولی کە.

بەقامچیەکەت دەلێن رەحمەت

قەبولی کە.

بەرەحمەتت دەلێن هەرچی

قەبولی کە.

چونکە ئەوان ،ئێمە،

ئەوانەی بـــوونەوە خـــۆڵ و ئەوانەی هێشـــتا لەڕێگان.

لەئاستی کردارەکانت

یەک ووشەی گونجاومان هەیە،

بـۆ تەواو کـاری ئەو ڕسـتە رێزمـانیەی تەواو نابێ

دەڵێین حیکمەت

قەبوڵی کە.

## ٢٦

لەو دەمانەی،

لە قوژبنی مەیخانەیەک هەڵدەکورمێم.

خەیاڵ.. جلەکانی هەستم دادەکەنێ.

هـۆش.. مەیلـی مەلە کـردن لە دەفـری شـەڕاب دایدەگرێ.

بە هزریشم، ئەودیوی پەرژین دەنۆڕم.

لەو دەمانە، دەبم بەبەچکە خەیامێک،

بە میکـانۆی پیتـی چوارخشـتەکیەکانی یـاری دەکەم.

تا، ریسی هەقیقەتە چەسپاوە نادروستەکانم

لێ دەبێتەوە بە خوری.

بۆ دووبارە دەیرێسمەوە

ژیان بریتیە لە شێوەیەک لە رستن.

تەشی لەخولانەوەدایە،

وەک تۆپە خڕەکەی زەوی.

تۆ دەست پێچکەت، خوری بیرو هزرەکانە.

دەست پێچکەی دەستی گۆی زەویش

چوار وەرزەکەو

هەڵم و باران.

## ٢٧

دەڵێی شوشەی چاویلکەکەمی

پێش ئەوەی ببینم،

دەیبینی!!

## ٢٨

چەند وێک چوون!!

گشتیان لە پەراسووی ئێمەوە دەرچوون.

کەچی،

هەر ئایدیاییێک و سێوێکی پێ دزین!!

## ٢٩

بەدەر لە ڕێشمەکەمان

چیتریان لە ئێمە ناوێ،

ئای کە خۆشین بۆ لێخوڕین!!

## ٣٠

دەزانـــم چـــۆن وێنـــات دەکەم بە پێـــوەری هەستەکانم.

بەهەمان شێوە، ئەتۆش وای.

ئەوەی لەیەکتریمان جیا دەکاتەوە، یەک شتە.

تۆ لەپێناو دۆڕانی من کۆشش دەکەی.

من لەپێناو سەرکەوتنێک کۆشش دەکەم،

کە کەسی تیا نەدۆڕابێ!!

## ٣١

ژیان سەیرە

هەر لە بۆرسەی دۆلار دەچێ.

یا مل دەنێ روو لە لێژی و

بۆ ئەوپەڕی داشکاندا هەنگاو دەنێ.

یاخود چەشنی سەری مەستان،

چەشنی دڵی ئەویندارا،

هەنگاو بۆ سەری سەر دەنێ.

## ٣٢

تویێکڵی پەیامەکانی تۆم پاک کردەوە،

خەم دایگرتم،

بە پێچەوانەی یەکەم دیدەن.

ئەوسا،

پەیامەکانی تۆم بە تویێکڵەوە قووت دەدا.

## ٣٣

سەرم بە کێلە بەردێک کرد،

بۆ ئەوەی ساتێک راکشێم.

بە چپەیەک،

کێلەکە چرپاندیە گوێچکەم؛

چوارەم جارە دەبم بەکێل، یەکەم کەڕەت..

منداڵێک بوو لەبرسان مرد.

دووەم کەڕەت..

سەربازێک بوو، هێشتا تەواو

رۆحی بەخوا نەسپاردبوو، هاورێیانی منیان کرد بەکێلی سەری .

سێیەم کەڕەت ..

نەوەی سەربازی یەکەم بوو، هەر بۆ نەوەی هەمان سەرۆکی باپیرەی خۆی دا بەکوشت.

## ٣٤

بێ تۆیی

هۆکارو سەردەستەی خنکانی منە،

لەنێو ئەو ژاوەژاوە چڕو پڕ لەهاوارەی

هزری تەنیام.

تەنیام مەکە، با بێ تۆیی لەخۆم دانەبڕێ.

لەو هـــزرە بەهـــاریەم بهـــێڵەوە، مەمخـــزێنە بەستەڵەکی بێ خۆیی.

## ٣٥

بیری خۆم دەکەم

پێشووتر، تەنها لەسەیر کردنی ئاوێنە

خۆم لێ دەبوو بەتۆ.

ئێستا

لەبەر تریفەی مانگە شەویش ناتوانم سەیری کانی بکەم،

سایەشم چوو

گەر خۆتیشم نادەیتەوە، خۆم بدەوە!!

## ٣٦

دەمەوێ شـــیعرێک بنوســـم، کـــۆی ژیـــانم لەخۆبگرێ

هەوەڵینەکانی تێدا یاداشت بکەم.

کەچی، کاتێ دەگەمە باسی تۆ

دواهەمینەکان ریز دەبەستن، هیچ مەودایێک بۆ سەرەتا ناهێڵنەوە.

٣٧

من،

له تونێلی ویسته شاراوەکانی تۆدا

کرێکارێکی ماندوو نەناسم.

هاکا

لادیوارێکی بەردینی حەزەکانی تۆم بەسەردا رما.

## ٣٨

بەهەر بڕوبیانوێــک بــێ، لەبەهەشــت وەدەر نراین.

تووڕ دراین بۆ نێو سروشتێک،

تــژی لە جوانیەکــان، پــڕلە کانیــاوی ســازگارو چەم و مێرگ، پڕلە زەنوێرو زەندۆڵی دلڕفێن.

کەچی ئەو جارەش نەوەستاین،

ئەویشمان کرد بە دۆزەخ.

## ٣٩

ئازیزەکەم،

ژیان بەچەشنی سەرکەوتنە بەشاخی

(هیمالایا) دا.

(هیمالایا)ییێکی بێ ئێڤەرست!

دوای هەر شوێنپێیەک بکەویت

دەگەی بە کوێرە ڕێگاییێک.

٤٠

لە لاویدا، سەرکێشیم دەکرد

بۆ تێک پچڕاندنی بازنە داخراوەکانی ژیان.

ئەوسا،

هێشتا دایکانەی بازنەکانم نەبینیبوو،

کە ئێمەو گشت بازنەکان و کۆی گەردوونیش

لە نێو خۆی دەخولێنێتەوە.

## ٤١

منيش

بيرت دەكەم و نازانم چيتر بكەم!

جگە لە هەڵقرچانی بۆن سۆی دووريت

هيچ بۆنێكی ترت بۆ پەرش ناكەم.

ئەو جيهانە گەورەيە، هێند تەسك بۆتەوە،

جـــێگەی بەيەكەوە ژيـــانی مـــن و تـــۆی لـــێ نابێتەوە!!

## ٤٢

بۆ کێ دەدوێی؟!

تۆ باسی بابەتێک دەکەی،

بۆ ئەو حەشامەتەی دەورەت

لە خڕەی گوێز زیاتر نیە!!

## ٤٣

من پێم وایە ئادەم کوردە،

دەنا بۆچی، ڕۆڵەکانی یەکتریان کوشت؟!!

## ٤٤

هەنگاوم بۆ ترۆپک بوو،

کەچی دوای ئەو هەموو هەوڵە،

ترۆپک بەس خەیاڵێک بوو

بە گڕکانی حەقیقەتی ژیان کردن

بووبە سەراب.

٤٥

چەندین هەنگاوم، بەتەنگە تاوی هەڵێنا

لەپێناو راست کردنەوەی

یەک تاکە هەنگاو.

کە بە شێنەیی بەهەڵە

هەڵم هێنابوو!!

٤٦

ئەو پەتەی بوە بە ڕێشمەی
سەرەتاو کۆتایی ژیانمان
زۆر کورتە
لەدوای هەموو ڕاپسکانێک
(مێخ)ە کە، جێگیر تر دەبێت.
چەشنی کۆتی پلاستیکە،
لەگەڵ هەر تەکانێک
توند تر دەبێ!!

٤٧

بۆشاییێک هەیە، پێی دەڵێن ژیان

تەنها بە مردن پڕ دەبێتەوە.

## ٤٨

بۆئەوەی نەبین بە بوکەڵە،

دەبێ هەمیشە ڕێژەی خەیاڵەکانمان زێتربن لە بەرجەستە بوون.

کاتێک هەستت کرد نوقمی ڕۆتینیت،

جگە لەکارگەیەکی خۆکار هیچی ترت تیا نامێنێتەوە!!

## ٤٩

لەوەتەی هەین

لەسەر پردی سیڕات دەڕۆین.

خەیاڵەکانمان بەهەشت و

دۆزەخیش،

ژین و پێشهاتمان.

**٥٠**

پێـوەری خۆشەویسـتی هەمـو کەسـێک پێـوانە دەکرێ.

بەڵام دایک،

پێوەرو ئاوەدانی و ژیان لەگەڵ خۆی دەبات.

## ٥١

ژیان ملوانکەیەکە بەگەردنی رووحەوە،

جـــوانی ملـــوانکەش، لە هەمە جـــۆری و رەنگەکاندایە.

بۆیە پێویستە،

تا پسکانی ملوانکەکە، دڵ گەش بین.

## ٥٢

هەرساڵێک و دەنکێک ترێ م، لە وشی تەمەن هەڵپچڕی.

چەند دانەیەک ماوەتەوە،

وەک گلێنەی چاوەکانم پڕن لە ئاو.

وەک روخساریشم چورچ و لۆچ.

## ٥٣

له منداڵیدا

هەمووم‍ـــــــان، خۆزگەم‍ـــــــان بە ژی‍ـــــــانی مامۆستاکەمان خواستوە.

بێ ئاگا لەوەی

مامۆستاکەمان رۆژانە،

خ‍ـــــۆزگەی بە ژی‍ـــــانی یەکە بەیەکەم‍ـــــان دەخواست..

## ٥٤

مین، مین

پووچەڵم کردنەوە.

بە هەڵکشانی تەمەن تێگەیشتم،

دەبوایە

پێ لەسەر هەوەڵ مین دابنێم!!

لەبەر ئەوەی

ژیان خۆی لەمینێکی پووچەڵ زیاتر نیە.

٥٥

ئەو ساتانەی، عەشق سەرمەشق و ئیلهامە

پڕ پڕین لە بوون.

٥٦

غەریبی هەر ئەوە نیە

دوور لەزێدت ژین بەسەربەی.

تاڵترین غوربەت ئەوەیە

لەزێدی باب و باپیرت

هەست بە غەریبی خود بکەی!!

## ٥٧

گەردەتەویٚ..

بە گــویٚرەی ئەو نەخشـــەیەی، کە بــۆ ژیانــت دارِشتوه

ئاوا بژی.

نابیٚ خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بی!!

دڵنیابە ناچار دەبیت

یەکیٚک لە نەخشەکان بگۆرِیت.

## ٥٨

روخســـاره کەروێشــکیەکەت بــوو، خەســڵەتە گورگ ئاساکانتی لێ شاردمەوە.

کەچی من ئەو نێچیرە بووم،

رۆحی خۆمم

فیدای حەزەکانت دەکرد.

## ٥٩

ژیان، تا ئەوساتە چێژی هەیە..

کەخوە لاسارە شاراوەکانی ئەوانی تر نابینیت،

کە درکت بە ئەودیوی پەنهانەکان کرد،

ژیان دەبێتە تەسبێحێکی سەدو یەک دەنکی، تامردن هەڵی دەگێڕیتەوە!!

## ٦٠

بەدیار بێدەنگیەوە دانیشتووم

بەکۆڵێک تەنیایەوە

خول دەخۆم لەنێو نۆستالژیای پڕ لەتنۆکم

بزەکانم، بەبیانوی یاری چاوشارکێوە

عەیامێکە ونن!!

## ٦١

سێبەرەکان هەمیشە خۆت نین،

هەندێ جار، تارمایی ڕۆحێکی قێزەونن.

## ٦٢

ئەو دەمانەی، دەبم بە پارچەیەک لە تێکشکان..

هۆکاری گوتەی ئەو هاوەڵانەیە،

کەدەمەوێ لەپێناویاندا بمرم.

٦٣

لەغوربەتەوە؛

تاکە هەست، هەستی بۆن کردنە،

بە بۆنی خۆڵی دوای باران

هەســتەکانی تــر، بەتلیــاکی ئەو مەنفــایە رۆح تەزێنەوە

مەستن.

## ٦٤

جێگەی تۆ لە سینەمدایە

بەڵام تێناگەم،

بۆ لەخەونەکانمدا

هەمیشە لە نێو سەرمدای؟!

**٦٥**

تێچووی فێربوونی ژیانێکی دروست،

بەخشینی ژیانێکە.

## ٦٦

لەسەرەتای فامی جەوانیدا،
دەمویست
هەموو دەرگا کلۆم دراوەکان بکەمەوە.
سندمی قاچەکانم،
لە رۆتینە داسەپێندراوەکان، دابماڵم.
هەوکم ئازاد بکەم،
بەکامەلادا سرتەی کرد بقیڕێنێ، بقیڕێنم.
بۆنی لالەنگیە زەردهەڵگەڕاوەکان، بۆ رەسەنی گەڵاکانی، بگێڕمەوە.
لەدوای ئاوڕێک،
جەوانیم لەنێو منداڵیە بێ سەروشوێنەکەم، پیر ببوو.
لەجێگەی دۆزینەوەی کلیلی دەرگاکان، کلۆم درام.
بووم بە سندم، هەوکم بەندکرد.
بەرامەم، چنگێک سوتماک و
فامم جەوان.

## ٦٧

بەدیـوارە بەردیـنە هەلچنـدراوەکەی ئەسـتەمدا هەڵدەگەڕێم.

من تەنیانیم، بەڵکو هەموو ئەویاوەرانەی

لە درزی دەرگایە کلۆم دراوەکەی

مەحاڵەوە

بریسکەی ژیانەوەی ئیشقەنغرۆبوەکانی،

نێو سینە پەنگ خواردوەکەی

ترسیان بینیوە

لەگەڵم سەردەکەون.

پەیژەم ،ئومێدەو

شمشێرم ،بوێریی.

## ٦٨

نیگاییێک بەسە،

بۆ دروست بوونی ناسۆرێک،

کە بە سەت ساڵ تەمەن سارێژ نەبێت.

٦٩

وەرە با وەک کۆترەکان بین،

ئەوان ..

ئەویندارى یەکترن، بۆیە لەمرۆڤ راناکەن

یەکەم پەیژەى هەڵکشان بەرەو ئەوین

یاخى بوونە لەترس.

ئاشقم بە، تاکو ترس لەپێخەفى شادومانى

تەرە بکەین.

٧٠

سیاسیەکان، ژیانیان بۆدابەشکردوین

نیوەی بۆ خەو و خواردن.

نیوەکەی تری بۆ پەیداکردنی بژێو.

کەچـــی لە بـــنەچەدا، ژیـــان سێبەشـــی بـــۆ خۆشەویستی بوو!!

## ٧١

گشت نێرو مێی جیهان ئاواین؛

دەمێک حەیرانی یەکترین.

کەمێک دواتر،

شەڕدەکەین و حەزلەدیدەنی یەک ناکەین!!

پرسیارەکە لێرەدایە؛

ئەو رەفتارە، جگە لە شێتی چیترە؟

## ٧٢

لەمنداڵی؛

بەئەفیوونی لاساییەوە ئالوودە دەبین.

لە لاویدا؛

بەدوای دۆزینەوەی شوفێری سەرمان ماندوین.

لە جوامێری؛

خۆ حەشاردەدەین لەو شوفێرانەی سەریان لێدەخوڕین.

لە پیریدا؛

یادگەی ژێری سەوڵی فەنابوون لێدەدا.

## ٧٣

رنوی بەفرو رقی مرۆڤ، چەشنی یەکن

هەردووکیان، لەتۆپەڵێکەوە

گرمۆڵە دەبن.

لەغلۆربوونەوەیاندا، کارەسات دەئافرێنن.

٧٤

پەلە مەکە..

کاتێک دەگەی بەو باوەڕەی، ئەوانی تر شێت نین..

ئینجا شێتی ئێستای خۆت،لەلا دەبێتەیەقین!!

## ٧٥

لە گڕکانی سینە پەنگ خواردوەکەی خۆمەوە، دڵنیام منت خۆشدەوێ.

ئیرەییشـــت ترســـێکە، لەبەری داری لەدەســـت دانەوە دەڕوێ.

تـــۆ بڵێـــی منـــیش لەخـــواردنی بەری ئەوداره نەگریسە بەدووربم؟!

٧٦

رێـگەی قەڵای ئەلەمـووتی سـەرکەوتن سـەخت نیە،

سـەختیەکە لەدژواری مـانەوەی قەڵاکەدایە، کەبتوانی پارێزگاری لەسەرکەوتنەکە بکەی.

٧٧

من بزەم بەو گوفتارە دێت،

دەبێژن؛

فرمێسکی سوێر، ناسۆرەکان بەتاڵ دەکاتەوە.

کوانوو وا لەشوێنێکیتر!!

## ٧٨

دەزانی بۆ،

ژیـان وەک گـۆرەویەکی هەڵگێـرردراو دامـان دەماڵێ؟

چـونکە لەژێـر بـزە درۆیینەکانمـان، خەمێکـی قووڵ لەلێوەکانمان تەنیوە.

٧٩

بەخێرایی سەردەکەوین

خۆمان بەساڵەکانی تەمەنەوە هەڵدەواسین.

بۆسەری سەرەوە بە پەرۆشین.

کەچی لەوێ،

مردنێک بەئارامی پاڵکەوتوە!!

٨٠

ســــێبەرە باڵابەرزەکـــانی گەنجێتـــیم بـــۆ نادۆزرێنەوە.

سێبەرە تێکشکاوەکانی ئێستام،

هۆکاری چەمانەوەو قاڵبوونەوەی

پەیکەرە ماندوەکەی دەست قەدەری ژیانمن.

## ٨١

گەر بیر لەگەڕانەوە دەکەمەوە بۆ خاڵی سفر

لەلام ئەستەم نیە.

ئەوەی لەلام ئەستەمە تەمەنە بەباچوەکەمە،

دەبێ بە خەجاڵەتیەوە

لەنێــو تەپوتــۆزی رابــردوە ســەپێندراوەکەم جێیبهێڵم.

## ٨٢

هەموومان خەجاڵەتی ئاوێنەین،

لەبەر ئەوەی

لە سەیرکردنی گلێنەی چاوەکانمان

ناخی خۆمان دەبینین!!

## ٨٣

خۆشمدەوێی..

چێژ لە خۆشبەختیەکانت دەبینم.

بەتـــاییبەت، ئەو ســـاتانەی کە بە پـــوولەکەی رۆحم یاری دەکەی.

چونکە واهەست دەکەم توانەوەم،

بەچەشنی مۆمێک پێشهاتت رۆشن دەکاتەوە.

## ٨٤

دەمویست وەک کەس نەبین،

جودا بین لەهەموو ئەتواری مرۆڤایەتی.

ئەستەمەکان بەزەردەخەنەو،

زەردەخەنەکـــان بەئەســـتەم لەســـەر لێوانمـــان تەرەبکەین.

٨٥

ئاااى تەمەن..

درێژى و كورتيت هەرخەمە!!

## ٨٦

توخوا باوكە ئادەم

ئاورێک لە وەچەکانت بدەرەوە.

بۆ ئەوەی بزانی،

خەجالەتی و شەرمەزاری ئەمجارە،

چەند بارتەقای خواردنی سێوەکەی داپیرەیە!!

بۆ ئەوەی بزانی،

لەجێگەی هەسارەی زەوی،

دۆزەخیشمان لێ خەسارە!!

## ٨٧

هەر کە ئاوێنەکەت شکا

پیتەکانیش،

لەسەر ڕەفەی زمانی من

داباریینە خوارەوە.

پێم وایە، پارچەکان تا عەیامێکی تر

لێک ون دەبن.

نابنە وشە،

بۆ خولقانی ئەوشیعرانەی، بە باڵای تۆیان هەڵدەدا.

## ٨٨

ئەمساڵ

لەیادی لەدایک بوونیدا

شەمێکی بڕاوەی لەتەک شەمەکانی تر

داگیرساندبوو.

بەهۆی لەدەست دانی قاچی باوکی

لەهەڵگرتنەوەی مینێک.

## ٨٩

ئەمساڵیش

پەیکەرە بێ گیانەکانی فاشیۆنی جل و بەرگ

جلی زستانەیان پۆشی.

کۆرپەکەم؛

بم بورە هەمان درۆی پارت لەگەڵ دەکەم.

(تکایە بۆ فرۆشتن نیە).

## ٩٠

گەورەی لەلام، بەقەد خەمەکانت.

بەقەد فیڵەکانت،

خۆت بچوک مەکەرەوە.

بچوک بونەوەت دەمگەیێنێتە ترۆپکی داڕمان.

ئەو هەمو بوکە بەفرینەی خەیاڵم

مەدە بەر شەپۆڵی داڕوشانی رنوی داڕمانت.

هەر گەورەو گەورەتر بە،

با خەمەکانیشت گەورەو گەورەتر بن.

ئەی ئەو کەسەی لەدەروونم،

پێناسەی خۆت نازانیت،

گەورەتر بە.

# پیـری

ئۆخەی چیتر

سەرقاڵی لاوێتیم نابم

پیری هاتۆتە دیوان و خاوەن ماڵە.

پیری دەبێ بەقەڵغانی

تیری نیگای کچۆڵان.

پێش ناوێکی بۆ زێدە کردم

هەندێ کات مامە و

هەندێ کات خاڵەم پێ دەڵێن.

چیتر گلەیی لە چاوەکانم ناکەم

بێ چاویلکە ناروون و ،لێڵن.

گلەییم لە ددانەکانم نەماوە،

ناتوانن خواردن بهاڕن،

ڕۆژگار خۆیانی هاڕیوە!

ئیتر؛

مووی سپی بە ئەسڵ زادە دەزانم،

کە ڕەشـــێتیەکان لەخـــۆی دەســـوێ و ونیـــان دەکات.

پێشـتر پێم وابـو هەمیشـە سـپی لە رەشـدا ون دەبێت!

گۆڕانکاری لە قۆناغەکانی ژیان،

چەند پڕە لە عەدالەت،

کەبەدەست مرۆڤەوە نیە.

ئێستا؛

چاکێتەکانی جارانم بۆ نابێت،

گەورەترن لە شانەکانم و

ڕەنگەکانیش بۆ ویقاری ئێستام نابن.

رێک بە ئاوەژووی نێوان منداڵی و جەوانیم،

بە پێچەوانەی خەمەکانم،

ئەوکات بۆم بچوک دەبوونەوە،

ئێستا گەورەن!

ئاااای منداڵی؛

هەستم بەقەد ناو لەپی منداڵیم ناسک بوە.

ئەودەستانەی،

لەزستاندا، پێش لەدەست کردنی دەستەوانەکەم.

دایکم، دەستەکانمی لەبن مەمکەکانی گەرم دەکردەوە،

ئنجا دەستەوانەی دەخستە دەستم.

بەقەد دەستکەلایەکی غاڵدار،

بەقەد سنیەک لوقمی شڕوبی، کە ژیان وەکو

ئاردەکەی سپیبوو.

هیواش، بەقەد شرۆوبەکەی شیرن و سوریکی کاڵ بو.

بەقەد دوو دارە دوورەکە، بیــری مێــوژەکەی مام زۆراب،

بیری منداڵی دەکەم.

بیری نۆکاوەکەی پورە سەبیحە،

عەسەلیاتە پڕ چێژەکەی مام تەها،

کێکـی شـوکەلامۆ و یـازدەی ئـازارو چلـورەو شەکرۆکەی رەنگاورەنگ و بەداملی و نەعنەعە دەکەم.

تەزووم بەلەش دادێ، وەک ئەو ساتانەی

مامۆستا باجەلان،

بە مەستەرە سورەکەی لەپشتی دەستی دەدام.

گوێچکەکانم دەمێورێنەوە،

وەک ئەو دەمەی،

مامۆستا سواره گوێچکەکانی قورمیش دەکردم.

ئێستاش؛

جوانترین ژماره لەلام،

ژماره (دە)ی ئنگلیزیە، کە بەتەباشیر

لەسەر پشتی فانیلەکەم دەمنوسی و

نزام دەکرد درێژ نەبم،

بۆ ئەوەی زیاتر بە مارادۆنا بچم.

بیری ژماردنی ئەستێرەکانی رێی کاکێشان

لەشەوانی هاوینان و خەوی سەربان و

قونە گۆزکێی بەرتیشکی خۆر بۆ بەر نسێ بەسەرچەفێکی تەنکی پینە پینە، بەچەشنی کرمۆڵەکانی ناو باخچە بچوکەکەمان،

ئەو باخچە چوار بەشەشەی سفرەی بەیانیانمان لەسەر دەرازاندەوە، بە ناو سێری

و ناســكەنان و ئەســتوركە بە پەنیــر، تــێكەڵ بەبۆن ی شەوبۆو بۆنی رەیحان و بۆنی ژیان.

ئەو چەند خوشك و برا وردیلەیەی كە پێمان وابــوو هەرگیــز لەیەك دانــابرێین و هەرگیــز گەورە نابین، گەورەترین زویر بونمان لەسەر كراســێك .. فــانیلەیەك كەلەیەكتریمــان زەوت دەكردو دووشك دەبوین لەگەڵ یەكتر.

بیری سادق و هاورێ و عەلی و چەتۆ دەكەم، جارێكی تر بەیەكەوە بچینەوە ناو شۆفرلێتە شینە پەككەوتەكەی لای ماڵمان، كەهەر رۆژەو یەكێكمان بەخەیال شوفێری بوین.

بیرتان دەكەم ، بیری بەرد هاوێژیەكەی سەر شــــەختە بەنــــدانەكانی رێــــگەی قوتابخــــانە كەهەمیشــە بەردەكــانی مــن لەئێــوە زیــاتر هەلدەزۆقینەوە.

بیـــری حەمـــام و بـــۆیلەرەکەی مـــالی مـــامە حەســـەن ، بیـــری چەپەرۆکەکـــانی مـــامۆژنە بەدری لەکاتی سەرشوشتنم .

چەند ساکار بوو منداڵی ...

لام وابو

تەنها بە کۆسە بەبارانێیەک باران دەبارێ،

تەنها بەدرۆیەک

خودا هەردوو چاوەکانمان کوێر دەکا،

کەچی لەهەردوو جەژنی ساڵ

دایک و باوکم

بەدرۆ دڵی خۆیان خۆش دەکردو

فیڵیان لە ئێمە دەکرد..

چاوەکانیشیان ساغ بوو

هەروەک چاوەکانی من و ئێستاو

درۆیەسپیەکانم...

دایە گیان
خەریکە منداڵ دەبمەوە
حەزدەکەم سەر بە کۆشت بکەم و پرچم برۆنی ،
بابۆلەکەم بپێچیەوەو بەدەم رێوە
بەگۆرانی نۆشی بکەم،
بابە گیان
تەنها جارێکی تر
شەقا زلەیەکی تر
بۆ ئەوەی پێنج پەنجەکەت
داخەکانی رۆژگار ، لەسەر روخسارم بسرێتەوە

٢٠١٧

(بۆ خوشکی جوانەمەرگم (کەژاڵ)کە لەتەمەنی شەش ساڵیدا، بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی فریشتە ئاسای هەلفڕی، تەنها دووسال لەمن بچوک تر بوو.)

## تفەنگە ئاوهاوێژەکەم بۆ بێنەوە

بگەڕێوە؛

بگەڕێوە، بۆ ئەو سەردەمەی دیواری مالۆچکەکەت

بە دۆشەگە ئیسفەنجیەکە دروست دەکرد.

هەم دەبو بە پەرژین و هەم دیوار.

میکانۆیە لات و پاتەکەت و

تفەنگە ئاو هاوێژەرەکەی من و

بوکەڵە رووتەکەی خۆت تێدا دەحەساندەوە.

بگەڕێوە نێو مالۆچکەکەت؛

بۆ ئەو سەردەمانەی،

قاچەکانمـــان زیـــاتر لەجێـــی کەللەســـەرمان لە ئاسمان بوون،

بۆ ئەوەی زیاتر لە ئاسمان بڕوانین.

شەوانی هاوین،

بەدەستە خرپنەکەت چاوێکت دەگرتم، دەتگوت:

بەیەک چاوسەیرکە،

چۆن پەنجەم دەبەمە نێو مانگ!!

ئەها ئەستێرەکان بەسەری پەنجەم ون دەکەم!!

چەن جوانبووی کاتێ بەهەڵە،

پێت دەگوتم: کچێ،

هەر خـــۆت بە هەڵەکەی خـــۆت پـــڕ بەرۆحـــت پێـــدەکەنی. چاوەکانـــت نـــوقمی کوڵمەکانـــت

دەبوون، دوو چاوی نوقاوی  تر لە رووومەتت پەیدا دەبوون.

ئەو نیوەڕۆیـــانەت بیـــرە کـــاتێ بـــاوکم دەیخەواندین؟

دەبایەپشتمان لەیەکتر بکەین.

بێ هیچ ورتەیەک.

من،

دەنـک بەدەنکـی زیـخە درشـتەکانی ئیـزارەکەم دەژمارد.

تۆش،

دەزو بەدەزووی ئەو بەڕەیەت دەژمـــــارد، کە دایکـــم بەدەســـتەکانی خـــۆی نـــاوی منـــی لەسەرچنی بوو.

لەدوای ســـیو دووســـال لە رۆحـــی (بەفـــر) گەرایتەوە لام.

ئێســـتا، ڕۆژانە ســـەر لە مـــاڵۆچکەکەی بەفـــر دەدەم،

چاو لە تفەنگە ئاو هاویژەکە دەگێرم،

نایدۆزمەوە!

---

**تێبینی** / بەفر ناوی کچەکەی خۆمە کە زۆر لەو دەچێ

# پیاسەیەک بەنێو داهاتوودا

وەرە پیاسەیەک بەنێو داهاتوومان دا بکەین.

باچیتر

خەون بە رابردوەوە نەبینین.

ئەم کۆڵەیادە،

لەسەر شانەکانمان بخزێنین.

بەڵکو لافاوی فەنابوون هەڵی دەلوشێت،

مەیخەرە نێو کەشتیەکەی نوح

ئەو یادانە رووبارێکن  لە فرمێسک,

با ئیتر ون بن.

لەکـــۆلانە درێـــژو ئەوســــەر داخـــراوەکەی داهاتوومان،

دەرگاییێکی دارین هەیە.

گوێچکەکانت بگرە،

نەوەک جیرەی دەرگاکە جاڕست بکات.

من دەیکەمەوە،

تۆ لەدوام وەرە.

لەودیوی دەرگاکە، هەمووشت دەگۆڕێ

پایز وەرزی ئەوینە،

ئاوێنە سەیرت دەکا.

وەکو ئەودیوەی لای خۆمان نیە

خەم تۆ بخوات، یا تۆ خەم بخۆیت،

ئەو ئاشتیەی لەنێوان تۆو خەم دا هەیە،

لەمێژ ساڵە پەیڕەو دەکرێ.

تۆ ئەو نابینیت و ئەو تۆ نابینێ،

بەهەمان شێوەی جنۆکەکانی ئەودیوە وایە.

بەلێ، لەودیوی ئەو دەرگا دارینە

هەموو شتەکان ئاوەژوون.

قەڵەم تۆ دەنوسێتەوە، وەک خۆت.

درەختەکان بە ڕەگەوە دەبینی.

بۆنی وشە دەکەی، تامی درۆ،

سەراب دەخوێنیتەوە و فرمێسک دەبیستی.

کاتێ لەسەر کورسیە سێ پێچکەکە دادەنیشی، ئنجا هەست دەکەی،

لەم دیوە بۆ لەسەر پێچکەی چوارەم خەلک یەکتردەکوژێ!

بەلێ، لەودیوی دەرگا دارینەکە

لەجیاتی گولێک سەرببڕیت بۆ ڕۆژی خۆشەویستی،

گەلاییێکی زەردو سور باوی هەڵوەریو

لەبەرۆکی خۆت دەدەی.

چونکە گولەکە لێوان لێوە لە ژیان، لەوێ قۆزاخەو پەڕە، دەردە دل بۆ یەک دەکەن، دڵ

ڕێگە نادا، چەقۆ بخەیتە ملی هیچ یەکێ لە ئیسماعیلەکان.

لەو دەرگایە سنوور دارکراوە دەچینە ئەو دیو،

ئەودیوی بێ سنور، لەوێ

نەسنوور دەمێنێ نە ڕەنگەکان.

ڕەنگەکان خەزان دەپۆشن، جادوەکانیان بەتاڵ دەبێتەوە.

ووشە بە باق و بریقەکان بێ ڕتووش و ڕەونەق دەبیستی.

وەرە با چاویلکەی بینینی حەقیقەت لە چاو بکەین،

دلنیابە لەوێ ناتوانی فێل لە چرکەکانی تەمەن بکەیت، بۆ خاتری خولەکێکی نەفرەتی.

وەرە پەنجەی شایەتمانت ئاسودەکە.

نە ڕایشەقێنە بەرووی کەس دا،

نە لە هــیچ ڕەنگێکــی وەرێــنەو نەهــیچ پەلا پیتکەیەکـی پـێ بتەقێـنە، بـۆ ئەوەی هەرگیـز گازی پەشیمانی لێ نەگری.

بەلکــو رابــێ، بەورووژانــی گــۆی مەمکــی حەبیــبەکەت، نــالی ئاســا، سروشــتی پــێ بهەنگوێنە.

وەرە چاوەکانت ئاسوودەکە،

وەک خۆی شتەکان ببینە، چیتر سروشت

بەوێنە پڕوپوچەکانی خەیاڵ مەگەچلێنە.

جیاوازی خونـاو و فرمێسـک، ناڵەی دڵەکـان و سەنفۆنیای قوڕڕەی سکە برسیەکان،

جیاکەوە.

نەفرەت لەو وەهمانە بکە کەوا چەندین سەدەیە تەونی خەونەکانمان لەسەری داکوتاوە.

سـێگوچکەی؛ ئـازادی، یەکسـانی، دادپەروەری، تێک بشکێنە.

وەرە لەگەلم،

لەهیچ سڵ مەکەوە،

بۆجیهانی ئەو دیوی دەرگاکە.

وەرە با پیاسەیەک بەنێو داهاتوومان دا بکەین،

لەودیوی دەرگاکە،

بەشێنەیی ئاورێک لەژیان بدەینەوە.

---

لەکتێبی کۆ شیعری شاعیران بەناوی(ئەلف) لەلایەن مالّی کتێب بلاوکراوەتەوە

لە رۆژی حەڤـــدەهەمینی کـــۆچی دوایـــی دایکـــی خۆشەویستم نوسراوە

## توخوا پێم بلێ خەون بوو

هەموو سپێدەیەک چاوەڕوانم، بەدەنگە نەرم و

بە سۆزەکەت، بەدەستە پڕ میهرەکەت

دەست بەسەرو پرچم دا بێنی و بێ راچڵەکان

بە ئاگام بێنی.

پێم بڵێی: ئەوە خەون بوو، ئەها نەمردووم!!

ئەوەتا نانی بەیانیم بۆ داناوی!!

منـیش لەبەر دڵـی تـۆ، پارویێک بخـۆم و مـاچم بکەیت

گوێ لە نزاکانت بگرم.

تووخوا دایە،

لەو خەوە بە ئاگام بێنە،

لەو کابووسە دەرم بێنە دەبڵێ خەونە!!

حەڤدە رۆژە بۆ ساتێکیش، نە بەئاگام و نە خەوتووم

لە سەر تەنافی نێوانیان هەلدەلەرزم.

ناوێرم باوەڕ بە واقیعەکەم بکەم و ناشتوانم باوەڕ نەکەم.

ژمارەی تێلەکەت داخراوە، لەسەر جێگەکەشت نیت بێ خواحافیزی بۆ کێ چووی!!

دەبێ ئێستا شەکرەکەت چەند بێ؟

توخوا وەک هەمیشە فیڵم لێمەکە، هەناسەت خۆشە؟

لام وابوو تا حەبەکانت بەکۆتا نەهێنی نارۆی،

بۆیە هەمیشە حەبەکانتم بەزیادەوە لەژێر سەرینەکەت دادەنا، بۆ ئەوەی هەرگیز نەرۆی.

کەچی من و حەبەکان و باوکم و گولدانە بچووکە پڕ لەگوڵەکانی بەرهەیوانت بەیەکەوە جێهێشت.

چۆن بتوانم جارێکی تر بامیە بخۆم،

کێ مەرەگەی باینجانم بۆ هەڵگرێ؟

توخوا دایە،

یەک جاری تر لەو خەوە بە ئاگام بێنە،

بەسواری ئامانە بچینەوە قەیسەری، یەک جاریتر

روبعەکی لوول درام بدێ

پێشم بلێ بزر نەکەی.

دایە برسیمە،

ئەمجارەیان برسی باوەشتم، برسی دیدەنتم، برسی ماچێکی بنیپێتم.

برسـی بـۆن و بەرامەی پـڕ لە وزەتـم، برسـی دەنگتم

یەک جاری تر ناوم بێنە.

کـۆرپەلە ریــش ســپیەکەت بـۆنی ســووتانی جگەری رۆژەرێیەک دەڕوا.

پێنج شەممەیەو هەموو لێرەن،

کەچی کەسیش لێرە نیە.

هەموومان بێکەسین، کەسی هەمووومان

چاوەرێتین.

وەک ئەو بێچــوە چۆلەکــانەی لەهــێلانەی بەجێماودا

چاوەروانی دایکیان دەکەن،

چاوەرێتم.

ئەگەر بـۆ یەک جـار بگەڕێیـتەوە، تـا قیـامەت پرسیارەکانم تەواو نابن.

بۆ ئەوەی هەدای رۆیشتنت نەدەم.

لێت دەپرسم:

تۆ پاکتری یا مەریەم؟

تۆ جوانتری یا زولەیخا؟

گومانم نیە، بۆنی بەرۆک و باوەشت لە بۆنی بەهەشت خۆشترە.

پڕ بە چاوەکانم لێت دەڕوانم،

لە گلێنەت ورد دەبمەوە،

بزانم جگە لە روخساری باوکم

روخساری خۆشم بەدی دەکەم؟

بەقوربانی زەمبیلەکەی سەرشانت بم،

یەعقوبی من.

ئەی ماندووتر لە ماندوویی و

بەهیمەت تر لە هیمەت و

پاکتر لە نوری پاکێتی،

توخوا پێم بڵێ خەون بوو.

# قەلاتەکەم

قەڵاتەکەم،

گەر بەچاوی عەلی شوون هەڵگر،

لە خاکی بەر پێت رامێنم.

شوونی سمی ئەسپە کحێلەکانت دەبینم

کە رێشـمەیان لەنێو چنگی

سوار چاکانی باوانمدا هەڵدەتەکا.

بۆیەهەمیشە پێت دەڵێم؛

تاکە (ئیللۆی)ی یادەوەریم.

# لەیادی لەدایک بوونت

شەمێکی تر بەسەر تەمەنی گوڵینیت توایەوە،

چەند تاڵێک لە قژی سیست

کراسی پایزەیان داکەند و بەرگی کلوی بەفری کوێستانەکانیان پۆشی.

کراسە پایزیەکان بون بەچەند لەتکە هەنجیرو هەلووژە و مێوژی شیرینی یادگارو خوانچەی شـــــەوچەرەی زســــتانی تەمەنیـــــانی پــڕ لە ئامۆژگـاری و پـاکیزەیی ڕۆحەکـان کـرد، بـۆ نەوەکانی دوارۆژ.

بەهیوای دەیان شەمی تواوەی تر لێت دەڕوانم ئازیزی من.

# کلاشینکۆف

ئەوسا هێشتا، هەردوو باسکم
هێزی لێدانی سەوڵیان تێدا نەبوو.
کاتێ کەتمە گێژەلوکەی زەریای ژیان
هێشتا دڵم، وەک منداڵیم گرینۆک بوو.
فرمێسکەکان بەبێ مۆڵەت دادەبارین
دەتگووت چاوی ئاشقێکی دڵ شکاون
بەدوای ئەدرێسی وەفادا
سەری خۆیان هەڵگرتوە.
دەست و لەپ و پەنجەکانم
کاتی ئەوەیان هاتبوو، بەدوو پلی شایەتمان و
هەردوو پەنجەی ئەسپێ کوژە،
وێنەی دڵێک بنیاد بنێن.

لەوێنەیەک لەسەر سنگم پێشکەش بە لاوێتیم بکەن.

کەچی رۆژگار، دەسکی سەوڵی پێشکەش کردن.

نەمدەتوانی،

بەم دوو دەستە قەلیشانە،

دەست بە پەڕەی گوڵ دابێنم

تا وەک لاویم هەڵنەوەرن.

بەڵێ ئەوسا،

مابوو فرچکی منالّیم فڕێ بدەم.

لەو ساتەبوو،

پێنووسم لەدەست راپسکاو

کلاشکۆفێکی نەفرەتی،

کە حاشایی لە بونی باوک و براکانی خۆی کردبوو

خۆی لە نێو دەستم دۆزیەوە.

نازانم چۆن بوین بەهاوڕێ!

فەرهەنگمان گەلێ جودا بوو

زمان، شێوە، بیرکردنەوە

ئەو خەلکی چین و ماچین و

من خەلکی ئەو عیشقستانە!

# تیمساح

من دڵنیام،

حەزرەتی نوح بیزانیبا

سیاسیانی ئەو سەدەیە، وا دەردەچن.

سەر نشینی پاپۆڕەکەی،

پڕ پڕدەکرد

لە تیمساح و

هەموو ژەمێک،

بەچەند بەچکە ئادەمیەک،

تیمساحەکانی تێر دەکرد.

# چیبکەم ..کوردم

منیش حەزم دەکرد، وەکو لاوێکی فەرەنسی

لەشازیَ لیزای پاریسەکەم.

تەنیشت قەڵا،

بەدەم سـەمای سـێپێییەوە کەپـڵە دۆی خـۆم لەباوەش گرتبا!

وەک لاوێکی کوێتی،

کۆی جلو بەرگی هەر چوار وەرزەکەم

گوریسێکی قەترانی و سیَ مەتر قوماشی سپی با.

بەلەکپێچ و پەستەک و شان و شەپکم،

بەسامانی سرووشتی وڵاتەکەم بکڕی بایە،

نەوەک دایکـــم، بەدەســـتە لەرزۆکەکـــانی بیڕستبایە.

وەک جـــوامێرێکی، سەکســـوکە داری، پایـــپ بەدەستی سویسری.

شانازیم بەتوتنی بۆنداری وڵاتەکەم بکردبایە، بۆهەمیشە لەکیسەی بەر پشتم بایە.

پـارەی گیرفانەکانیشـم، وێـنەی سـەرۆکەکەمی لەسەر با.

سـلنگەکان، تەنیـا خەریکـی بەسـتن و گـۆڕینی گلـۆپ و بریقـو بـاقی لاسـڤێگازم بـان، نەک لە ناوەندی خیابان بەڕۆژی رووناک،

لاوی خێر نەدیوی تێنووی قومێک ئازادی پێوە هەڵواسرابا.

منیش سێو خۆربووم،

زەویەکەشـــم ســـێوی جـــوانترو شـــیرینتری لەزەویەکەی تۆ بەرهەم دێنا،

بەڵام ئاااااخ،

ئێستا لێی دەترسم!

دڵنیام عومەری خاوەریش لەبەهەشت ئاسوودە نیە

چونکە باخەکەی بەدەیان سێوی تێدایە.

ئەویش بەقەد دادە حەوا

لەسێو دەترسێ!

دەڵێم:(عەشرە)

دەڵێن: نەخێر، تەنیا نیشانەکانی رۆژی دوایی نزیک بۆتەوە.

چەند بێئاگان!

لاچکە زەیتوون و ملی مندالّەکان بەیەکەوە دەقرتێ.

هەموو نێرایەتی ئەهریمەنەکان، بێچوی دەجالەکان و یەهجوج و مەهجوجیش لەسەنگەرێک دان.

بەرامبەر نا بەرابەریەک کە مێژوو بەخۆوەی ناگرێ،

چونکە نانوسرێتەوە.

خودایە،

تۆ پێمان دەڵێی، بەدوو ئافرەت

بەیەک پیاو ئەژمار دەکرێن!

پیاوێکیش،

توانای راگرتنی چوار ژنی هەیە!

ئەی چۆن ئێستا،

لەو سەنگەری تاعونەدا

سەدان کەڵە نێری نەوەی خەلیفە

بەرامبەر بە یەک تاکە

پەری دەجەنگن؟

لەچکە زەیتونەکانی من،

بەدەستی ئەو موعجیزانەوە چێندراون

ئاودراون،

بۆیە بەرگەی زێدەو زێدە تریش

دەگرن.

# بۆ عەفرین

لێرەم و لێرەش نیم،

هێشتا حەمرین ژێر نەبۆتەوە.

لەڕقی ئەوەی ڕۆڵەکانی

بە خێرایی تیشک،

لێی هەڵاتن.

بۆیە سوێندی خوارد

چیتر خۆڵ نەگێڕێتەوە

تا لەجێی باران، خۆڵ بباریێ.

چاوەڕێ بووم،

رقەکەی بنیشێتەوە

کەچی ئەوە چەند ڕۆژێکە

دەنکە زەیتوونەکانی بەردەمم

به مورِو مۆچ و پوچەڵە خۆم نیشان دەدەن.

دەڵێی چاوە خوێن تێزاوەکانی

دوزخورماتوون،

کە خورمای لێ بوە بە ژەقنەبووت.

زەیتوونەکان، خۆیان لەنێو رۆنی خۆیان سواخ داوە

شین دەگێڕن.

وەک دایکی ئەو شەڕڤانانەی

لەجێی خەنەبەندانی زەماوەندی

جگەر گۆشەکانیان،

خوێن بەندان بە جگەری خۆیان دەکەن.

لەمێژ نیە،

کۆبانێ هاتۆتەوە هۆش خۆی.

شیرینەکان، خەریک بوون بچنەوە بۆ بەربێر و

باڵای شەنگیان

بۆ فەرهادەکان پر لەبۆنی مێخەک بکەنەوە.

کەچی ئەژدیها حەوت سەرەکەی خەلیفە

هاوار دەکا

هل من مزید؟

روو لەکامە حەبەشەو پادشا بکەم؟

ڕووم لەهەر کامێکیان کرد، بەناوی ژیانەوە کوشتمی.

بەناوی ماچەوە گەستمی.

بەناوی ئایینەوە تەلقین درام، کەچی لەجیاتی ئەهریمەن رەجم کرام!

پێش بیست سەدە،

شەقە زللەیەکیان لێدام.

لەسەر گوفتاری مەسیح،

لاروومەتەکەی ترم ئامادە کرد.

کەچی لەجیاتی لێبوردن، لە خاچ درام.

چواردە سەدەیە،

موسلمان ترینم، کەچی خوێن حەلال ترینم،

لای خەلیفەو

سوڵتانی هەر چواردە سەدەو

صەفەویەت و عوسمانلیەت.

هەموو شتێکم مرۆڤ نیم،

ناویان ناوم؛

تورکی شاخی و

ئەجندۆکەو

ئاگر پەرست!

خۆ بیرمە، یەکەم زەنگی لە گوێچکەم

دەنگی دایەوە،

ووشەی اللەاکبر بوو.

کەسی بێکەسان هاوارە،

با (لەوحی مەحفوز )تێک نەچێ،

شارێک پر لە فریشتەو ژن،

لەناو نەچێ.

٢٠١٨/١/٢٥

(بۆ دیکتاتۆرانی رابردوو و داهاتوو)

## جیاوازی خەونەکانی من و تۆ

تۆ دەتەوێ,

لە ڕێ کردن، تورڕ تورڕەی ماتۆر سکیلەکانت لەپێش بڕوات.

من دەمەوێ,

پاساری سەرتەلەکان لە گفت و گۆی خۆیان نەکەون،

کاتێ کەوا بەتەکیاندا گوزەر دەکەم.

تۆ دەتەوێ,

لە دانیشتن جگە لە نێرایەتی خۆت,

نێرایەتی وەزیرو گزیرو میوانە سەر شۆڕەکانت بۆخۆت بەریت.

من دەمەوێ،

مێ هەست بەوە بکات،

هـــیچ جیـــاوازی لەگەل کەڕە نێـــرو نێـــر خوازەکانەوە نیە.

تۆ دەتەوێ،

خـۆت پـێ وەکـو یەسـاولی یەکەمـین دەرگـای دۆزەخ بێ.

من دەمەوێ،

پەروانەی دەروی دەرگابم،

لەو بەهەشتەی

خودای جوانی

دەیبەخشی بە هاوەڵانی.

تۆ دەتەوێ،

عەرشی وجاغ کوێری کورسیت،

بەدەم تێر و بە چاو برسیت

تەژی کاسەلێس و
هاوەلانی حەز لە شەڕبێ.
من دەمەوێ،
خۆشەویستی یەکەم وانەو
دوا پەیامی فەرهەنگم بێ.
من و تۆ زۆر جیاوازین.
هەروەک،
گرکان و
کانی.
وەک،
ئاگرو
شنە.
وەک،
ڕەهێڵەو

بەهار.

دڵنیابە،

تۆ دەڕۆیی و من دەمێنم.

تـــۆ وەک بەردە ســـوتاوەکانی دوای گرکـــان جێدەمێنی.

من هەمیشە،

لە ئازاردا، ئازارە بێ مەبەستەکان دەنەخشێنم.

دەبمەوە گولە حاجیلەو

بەختی ئیشق،

دەنەخشێنم.

## وچان

خۆزگەماڵەکەمان لە کەناری بێدەنگی دەبوو
لەگەڵ سپێدە وەنەوشەیەکاندا،
پڕ بە گەروی ئارامیەوە
هەڵم ساندبای
بەیەکەوە عەتری بەیانی باشمان لەلێوی یەکتر بدایە
بێڵی کامەرانیمان لەسەر شان دابنابا
بەرەو کێڵگەی خۆشەویستی هەنگاومان بنایە
جا ئەوکاتە
کانیاوەکان شەڕابی تەهوری بەهەشت و
سێبەری دارەکان زۆر لە چوار چێوەی خەیاڵ تێپەڕو
فریشتەکان لە جیاتی پەپولە لەدەوری سەرمان کۆ دەبونەوە.
ئای چ فراوانە ئەو خەیاڵە پڕو پوچەی ئیشق
لەو ماڵەدا بەهەوەسی خۆت سێو بخۆ
سێوەکەی دادە حەواو
نیوتن و

دوسێوە حەرام کراوەکەی سینەشت.
بەڵێ لەوێ
لەبەهەشتی خەیاڵ حەڵاڵ دەبارێ
لەجیاتی
باران.

# گفتوگۆییێکی نهێنی

مـن دەمگـوت: ئـاخۆ چەنـد لـق و پۆپـو چڵـی بەخشیبێ، بۆ مانەوەی لەژیان!

ئەو دەیگـوت: ئـاخۆ چەنـدین نەوەیە لەسـایەم رادەکشێ؟!

مـن دەمگـوت: ئاخۆ کـام لە بـاپیرە گەورەکـانم رواندویێتی!!

ئەو دەیگـوت: ئـاخۆ دەبـێ نەوەی کـامە لەم دەعەجانیانە بێ کەرووتی کردومەتەوە؟!

مـن دەمگـوت: لەوانەیە منـی مرۆڤـی خـۆش بوێت، هەرنا لەبەر باوانم کە ئاویان داوە!!

ئەو دەیگـوت: لەوانەیە تەورەکەی لەژێـر جلەکانی شاردبێتەوە.

## بۆ صالح مسلم

ئەی صالح ترین موسلیمی مرۆڤایەتی.

دەزانم ئێستا،

دەفتەری ئەعمالی چەپگەرێتی

بەدەستی راست وەردەگریەوە.

چەند بەچۆک داهاتی،

بەرامبەر مەرگی جوانە مەرگە نۆ بەرەکەت،

هێندەش بە بزە بەرامبەر ئازارەکانت

دەوەستی.

تۆ گەورەی

یەکێک لە خەلیفەکانی مرۆڤایەتی سەردەمی.

پەروەردەی بەر ڕێژنە باران و
ڕێنووسی مافەکانی مرۆڤ
بە سەرە گەورەکەت دادەڕێژیەوە.
پەروەرێنی بەچکە شێرانی کۆبانێ و
بەورە ترس نەدیوەکانی عەفرینی.
دلنیام
چۆک بە ستەم و زیندان دا دەدەی
نەک چۆکیان بۆ دابدەی.

# خۆزگە خەلکی دارستانی ئەمازۆن بام

خۆزگە خەلکی دارستانی ئەمازۆن بام

بۆ ئەوەی؛

باکم،

لەبوون و نەبوونی سیستەمی بە ناو ژیان و

عەولەمەو سیاسەت و

ئاین و ئایدیاو

بە کۆیلە کردنی مرۆڤ نەبایە.

بۆ ئەوەی؛

یەکەم نیگای مرۆڤەکان،

نەیان ڕوانیبایە مارکەی سەعاتی دەستم و

مارکەی سەر گیرفانی چەپم.

خەمی تاکە ژەمم، تاکە خەمم بایە!

بەیانیان کە هەڵدەستام،
جۆرێک لەو گژ و گیایەی دەورو بەرم
لەجیاتی سیگنال و سیواک بەکار دەهێنا.
چیم لە ڕیکلام و دەیان فتوا!
ئەگەر وابا،
نەبەدوای شانە دادەگەڕام و
نە بەرامەی بۆن گەلێکی فەرەنسی
شەیدای دەکردم.
نە بۆفی جل و بەرگم دەکردەوەو
نە بەگژ گۆرەویەکانم دادەچووم و
نە توخنی پێڵاویش دەکەوتم!
خۆزگە خەلکی دارستانی ئەمازۆن بام
ئەو کات لەیەخەی
ژمێری ئەستێرەی سەر ئوتێل و چێشتخانەو

نەخۆشخانەو

دیسکۆ و بارە جیهانیەکان

دەبوومەوە!

خۆ سەیری ئاوێنەشم نەدەکرد،

دڵنیام، لەخەیاڵی خۆم

بەر لە بینینم لە ئاوێنەدا، جوانتر دەبووم.

هەروەک ئەو مرۆڤانەی

ناخیان رووخساری شێواندوون!

ئەوسات، مرۆڤم وەک خۆی سەیر دەکرد،

لەجێی ئەوەی بیکەم بە پردێک بۆ پەڕینەوە لە خۆم!

بۆ ئەوەی (ئەتۆم ) بگەڕاباوە ئەو شوێنەی کە لێیی هاتوە، نەک بەناوی خزمەتەوە،

چاوم لێ سوور بکاتەوە!

لێره بەناوی پێشکەوتنەوه لەئاسمان

ئۆزۆنمان دڕی.

ناوکی زەویمان هەڵدڕی.

ئازادیمان لەبنەچەوه ڕەش کردەوه!

خۆزگە خەڵکی دارستانی ئەمازۆن بام

بۆ ئەوەی،

مۆبـــایلەکەی دەســــتم، چیتـــر ئەو دونیـــایە زەبەلاحە

لە خۆی بچووک تر نەکاتەوه!

ئێستا

دونیا لەنێو دەستم دایە،

دەستیش، بەجەستەمەوەنوساوه.

جەستەش، خالێکی بچووک بچووکی

ئەو جیهانە زەبەلاحەیە!!

## بلاْوكراوەكانی نووسەر

1) بەرامەی عەتری ڕابردوو (شیعر).

2) سەد شنەی ئەوین (شیعر) .

3) تابلۆكانی قاوەخانە بەلاشەكە (كورتە چیرۆك).

4) (The Skipped Words)

كۆمەڵـە شـیعرێكە لەلایـەن وەرگێـڕی بـەتوانا (محمـد حسین مهندیس) كراوە بە ئینگلیزی.

5) ژیان لێرەوە تێپەڕی (شیعر) .